Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# عێراق: تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ٢٠٠٩

**Author:** IWPR

بەرپرسێکی باڵای هەرێمی کوردستان یارمەتی پێشکەش بە پێشمەرگەییەکی دێرین و هەژار دەکات کە ژیانی لە راپۆرتێکی پەیمانگای رۆژنامەوانیی جەنگ و ئاشتی خرابوویەڕوو.
.

راپۆرتەکە کە ناونیشانەکەی بریتی بوو لە پێشمەرگەیەکی دێرین لە مووچەی خانەنشینیی پێشمەرگایەتی بێ بەش دەبێت باسی لەوەکرد کە چۆن ئەو پێشمەرگە دێرینە کە ناوی عەبدوڵڵا محەمەدە رۆژانە بە جادەکانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەسووڕێتەوە و شیرنەمەنی دەفرۆشێت.

لە راپۆرتەکەدا، محەمەد ئاماژەی بەوە کردبوو کە ناچارە بۆ پارە کار بکات هەرچەندە تەمەنی نزیکەی ٧٠ ساڵە و چەند نەخۆشییەکی بەسوێی هەیە. ناوبراو، کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە بووە، وتی مووچەی خانەنشینیی پێشمەرگایەتی، کە هاوڕێیە کۆنەکانی وەریدەگرن، نایگرێتەوە چونکە پێشتر مووچەیەکی تری خانەنشینی لە حکومەتدا بۆ بڕاوەتەوە و بڕەکەشی ئێستا لە مووچەی خانەنشینی پێشمەرگایەتی کەمترە.

دوای بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە، نووسینگەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پەیوەندی بە پەیمانگای رۆژنامەوانیی جەنگ و ئاشتییەوە کرد و داوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ محەمەد کرد.

"ی وت وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوIWPR ئەوەی ئێستا هەمانە دەگەڕێتەوە بۆ قوربانیدانی کەسانی وەك ئەو،" نوێنەرێکی نووسینگەکە بە" سەربەخۆییە فراوانەی کە هەرێمی کوردستانی عێراق دوای دەیان ساڵ لە بەرگری بەرامبەر بە حکومەتە عەرەبزاڵەکانی بەغدا بەدەستی هێناوە.

لە کۆبوونەوەیەکدا، کە پەیمانگاکە رێکیخست، ئەو بەرپرسە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، چەند تێبینییەکی لەسەر رێکخستنی مووچەی خانەنشینی و نەخۆشی و رابردووی ئەو پێشمەرگە دێرینە نووسی کە شەڕی رژێمی سەدام حوسێنی کردووە.

ئەو نوێنەرە دواتر وتی نووسینگەی مەسرور بارزانی هێندەی یارمەتی پێشکەش بە محەمەد کردووە کە "بەشی پێداویستییەکانی پێنج ساڵی داهاتووی دەکات". ئەو نوێنەرە ئەوەشی وت کە نووسینگەکە پێشبینی دەکات محەمەد بەهۆی یارمەتییەکەوە چارەسەری پزیشکی بۆ نەخۆشییەکانی بکات و نووسینگەکەش یارمەتی زیاتری دەکات لەڕووی پزیشکییەوە ئەگەر پێویست بوو.

محەمەد وتی بەو یارمەتییە خۆشحاڵ بووە.

زۆر سوپاس، زۆر خۆشحاڵم کە لە کۆتاییدا منیان بیرهاتەوە،" محەمەد وتی. "هەندێ لە پارەکە بۆ خێزانەکەم سەرف دەکەم و ئەوەی" تریشی لە چارەسەری پزیشکی."

بەرگریم لە مافەکانی خۆمان لە کوردستان دەکرد و پێشبینشم دەکرد کوردستان جیاوازی لەگەڵ عێراقدا هەبێت بەو واتایەی گشت" کوردێك سوود لە کوردستان ببینێت. لە هیچ شتێك پەشیمان نیم، ئامادەم دووبارە وا بکەمەوە."

محەمەد سوپاسی پەمانگاکەشی کرد بەهۆی راپۆرتەکەوە.

ئێوە زۆر راستگۆیانە هەموو ئەو شتانەتان وت کە من دەمویست بیڵێم... پەیمانگای رۆژنامەوانیی جەنگ و ئاشتی رێکخراوێکی باشە." شایانی ئەوەیە سوپاس بکرێت لەبەر ئەوەی هەڵدەستێ بە دەرخستنی ئەو کەسانەی کە لەبیرکراون."

ی کرد بەهۆی "پوختی" و "هاوسەنگیی زۆر"ەوە. ئەو بەرپرسە IWPRبەرپرسەکەی نووسینگەی مەسرور بارزانی ستایشی راپۆرتەکەی وتی راپۆرتەکە پیشانی دا کە دەبێت میدیا چۆن "رێگای ناوەڕاست بگرێت و لە هەڵوێستی سیاسی بەدوور بێت".

ئەو بەرپرسە راپۆرتەکەی بەرز نرخاند لەبەر ئەوەی بەدواداچوونی لەسەر قسەکانی محەمەد لەلای وەزارەتی پێشمەرگە کردووە.

ئێمە پێشوازی لەم جۆرە رۆژنامەوانییە دەکەین کە بە بەرپرسیارێتییەوە رەفتار دەکات،" ئەو بەرپرسە وتی. "رۆژنامەنووسان دەتوانن" وەك ناوبژیکارێکی ئەرێنی لەنێوان خەڵك ... و دەسەڵات کار بکەن. دەتوانن مەینەتی و گلەیی خەڵك بگوازنەوە."

"بەبێ راپۆرتەکەی ئێوە، ئێمە نەماندەتوانی ئەم پیاوە بەڕێزە لەنێو چوار یان پێنج ملیۆن کەسدا بدۆزینەوە."

ئەو بەرپرسە دووپاتیکردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ سیستەمی مووچەی خانەنشینیی پێشمەرگە دێرینەکان باشتر بکات هەروەك لە راپۆرتەکەی IWPRدا ئاماژەی پێدرابوو.

بەرپرسەکە ئەوەشی وت کە بودجەی خانەنشینی و قەرەبووی ئەو قوربانیانەی کە کوردەکان لە شەڕەکانیان لەگەڵ سوپای سەدام حوسێندا داویانە لە لایەن حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا دابین دەکرێن.

ئەو بەرپرسە وتی بڕی بودجەکە یەکێکە لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا. هەروەها ناکۆکی توند لە نێوان هەردوولادا هەیە سەبارەت بە هەڵسوڕاندنی گرێبەستە نەوتییەکان و داهات و دیاریکردنی سنووری ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی کوردە.

بەگوێرەی یاسای ئێستای خانەنشینی لە هەرێمەکەدا، محەمەد ناتوانێت زیاتر لە یەك مووچەی خانەنشینی لە حکومەتدا هەبێت یان مووچەی خانەنشینیی خۆی بگۆڕێت.

محەمەد کە کاتی خۆی لە کارگەیەکی جگەرەی حکومی کاری کردووە، دواتر مووچەی خانەنشینی ئەو کارگەیەی لەبەرامبەر مووچەی خانەنشینیی پێشمەرگایەتی هەڵبژاردووە و ئەوەی دووەمیان ئەو کاتە کەمتر بووە. لە کاتێکدا مووچەی پێشمەرگە دێرینەکان لەو کاتەوە زیادی کردووە، محەمەد زۆربەی دوو دەیەی رابردوو بە پیشەی فرۆشتنی شیرنەمەنییەوە خەریك بووە تا لەگەڵ مووچەی خانەنشینیی خۆی پێداویستییەکانی جێبەجێ بکات.

ی راگەیاند کە پارەکەی بەکارهێناوە بۆ دانەوەی IWPRدوو هەفتە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەری مەسرور بارزانی، محەمەد بە قەرز و وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی بۆ چەند نەخۆشییەکی درێژخایەنی خۆی.

محەمەد ئەوەشی وت کە بەردەوام بووە لە فرۆشتنی شیرنەمەنی چونکە پارەکە "تا سەر نابێت" و هەستی بەوەش کردووە کە دەبێت بە گورج و گۆڵی بمێنێتەوە. بەڵام لە کاتێکدا پێشتر رۆژانە ١٢ کاتژمێر کاری دەکرد، ئێستا زیاتر لە چوار یان پێنج کاتژمێر بە فرۆشتنی شیرنەمەنی لە شەقامەکانی هەولێر بەسەر نابات.

**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq

**Topic:** Reporting Impact

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%AA%D8%B4%D8%B1%DB%8C%D9%86%DB%8C-%DB%8C%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D9%87%E2%80%8C%D9%85-%D9%88-%D8%AA%D8%B4%D8%B1%DB%8C%D9%86%DB%8C-%D8%AF%D9%88%D9%88%D9%87%E2%80%8C%D9%85%DB%8C-%D9%A2%D9%A0%D9%A0%D9%A9-0